

# چەمکی گوناه

## لە ماڵ و خوڵقاندنی ماڵ وەك شوێنێکی سارد

نیهاد جامی

ماڵ لە شانۆگەرییەکانی سترێندبێریدا بابەتێکی سەرەکیی ناو تێکستەکانە، دەنگی تورەی ناخی کارەکتەر لە بەرامبەر سیستمە ناشیرینەکانی ماڵ دەبێتە هۆی ئەوەی بیرۆکەی ڕاکردن لە ماڵ و خەونبینین بە ماڵێک، کە ئارامیی تیا وەدەست بێنن، کارەکتەرەکان نوقمی ئەو بیرۆکەیە دەکات، لەگەڵ ئەوەی ئەو بیرۆکەیە

# هەموان گوناهبارین، ئەوەش هەستێك نییە پەیوەست بێت بە تاکە ماڵێکەوە

هەمیشه به شکست و کۆتایی ماڵ لەناو مردندا تەواو دەبێت، ئەوەش وادەکات وێنەی هاودژی ماڵ هاوتەریب بێتەوە به وێنەی دووبارەبوونەوەی وێنەی گوناه لەناو ماڵ، بۆیه نهێنیی ماڵ شاردنەوەیەتی لەناو خانوو، بەوەی خانوو وەک بیناسازی دەبێتە هۆی داپۆشینی نهێنیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خێزان، ئەوەش له شانۆیی (سۆناتای تارمایی) بە ڕوونی دەردەکەوێت، بەوەی خانوو بۆ کەسی دەرەوەی ناو ماڵ بریتییە له ماڵێکی قەشەنگ، که هیوای بۆ بخوازین، لەکاتێکدا ماڵ بۆ خۆی تراژیدیای ترسناکی هەیە، که پەیوەستە بە پەیوەندیی ئەندامەکانی خێزانەوە «ژنەکە تۆرا، ئەوەبوو کابرا ژنەکەی دارکاری کرد، دووبارە گەڕایەوە ماڵەوە، دووبارە شووی پێ کردەوەو وا ئێستاکە وەکو مۆمیاکراوێک لەنێو ئەو ماڵەدا دانیشتووە» (١)

بۆیە ئەو دوو وێنەیەی ماڵ هەیەتی لەنێوان ماڵ وەک ئەوەی لەناویدا دەژین، ماڵ بۆ ئەوانەی له دەرەوە تێی ڕادەمێنین، دوو وێنەی جیاواز و دژ بە یەکن، که لەنێوان خەون به ماڵ و تراژیدیای ماڵ خۆیان دەنوێنن، بۆیە له دەوروبەری ئەو ماڵەدا خانوو دەڕووخێت و هیچ ئاسەوارێک دوای ڕووخانی بەجێ نایەڵێت، ئەوەش مەترسیی ئەو تراژیدیایە که ماڵەکان له ئەنجامی پەیوەندییە ناسرووشتییەکان وێران دەبن «هاتمە ئەوێ، بەرامبەر ئەو خانووەی که هەرگیز پێشتر نەمبینیبوو ڕاوەستام.. ئەوساتە چاوم به درزێک له خانووەکەدا کەوت، گوێم لێ بوو چۆن قرتەیەک له بنمیچی نێوان نهۆمەکانەوە بەرز بووەوە، ڕامکردە پێشەوەو هاوارم له منداڵێک کرد بێت بۆ لای من، که له بن دیوارەکە ڕێگەی دەکرد.. له چرکەساتی دوای ئەوە خانووەکە دارما.. من ڕزگارم بوو، بەڵام له باوەشی مندا، ئەو باوەشەی، که من لەو باوەڕەدا بووم منداڵەکەی تیایە، هیچی تیا نەبوو»لا ٥٢-٥٣

کۆنبوونی خانوو.. بەتەنیا پەیوەست نییە به کەڕوو هەڵهێنانی باڵەخانەکە، هێندەی ئەوە بەرەنجامی تێکچوونی پەیوەندییەکانی مرۆڤە له ماڵدا «دەبینی، کاتێک خانووێک کۆن دەبێت، ئەوجا کەڕوو دەگرێت، کاتێک مرۆ ماوەیەکی زۆر پێکەوە دانیشن و ئازاری یەکتری بدەن، ئەوسا ئەوان تێکدەچن»لا٧٥

ئەوەش هۆکاری ئەوەیە که مێژووی ماڵ بووە به مێژووی ئازارو سەرکوتکردن، ئەوەش وا دەکات هەموو شتێک له ماڵدا ببێتە ڕەمز بۆ مردن، بۆیە ماڵ بۆ دروستکردنی مێژووی ستەم توانییەتی کۆڵۆنێل بکات به ڕەمزێک بۆ زەبروزەنگ، بەڵام کاتێ ئەو دەمامکە هەڵدەماڵدرێ ئیدی له ساختەیی ئەو کەسایەتییەش ئاشنا دەبین، بەڕادەی ئەوەی کەسایەتییەکە وەک پەیوەندیی ماڵ ساختەکاری بنیادی ناوە. بۆیە تەواوی کارەکتەرەکانی نێو ئەو تێکستە له خوانی تارمایی کۆدەکرێنەوە، ئەو کۆکردنەوەیە ناوەندگەرێتیی زمانە لەناو تێکست، چونکە ئەوەمان بۆ دەخاتە ڕوو که له ماڵدا کەسمان بێ گوناه نین، هەموان گوناهبارین، ئەوەش هەستێک نییە پەیوەست بێت بە تاکە ماڵێکەوە، بەڵکو هەموو ماڵەکان پڕن له گوناه، خوێندکارەکە هەستی گوناهباریی تیایە له ئاست ماڵی خۆیان، بۆیە بەدوای ماڵێکدا دەگەڕێت که بەهەشت بێت، ئەو بەهەشتەش به ماڵی کۆڵۆنێل تێدەگات «من لەوێ بووم، ئەوەی له دواییدا ڕووی دا هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە! .. دایک و باوکم شەڕیان کرد، میوانەکان بەرەو دەرگاکە ڕایان کردو.. باوکم برا بۆ شێتخانەو لەوێ مرد» لا ١٢١، بەڵام کاتێ دێتە ئەو ماڵەی که پێشتر وەک بەهەشت لێی ڕوانیووە، تێدەگات لەوەی گوناه ماڵەکان بۆگەن دەکات.. هیچ ماڵێک نییە بەهەشت بێت، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕەخنە لەو دیدگایەی ڕابردوو بگرێت، که له بەرامبەر

مێژووی ماڵ بووە به مێژووی ئازارو سەرکوتکردن، ئەوەش وا دەکات هەموو شتێک له ماڵدا ببێتە ڕەمز بۆ مردن، بۆیە ماڵ بۆ دروستکردنی مێژووی ستەم توانیویەتی کۆڵۆنێل بکات به ڕەمزێک بۆ زەبروزەنگ، بەڵام کاتێ ئەو دەمامکە هەڵدەماڵدرێ ئیدی له ساختەیی ئەو کەسایەتییەش ئاشنا دەبین، بەڕادەی ئەوەی کەسایەتییەکە وەک پەیوەندیی ماڵ ساختەکاری بنیادی ناوە

# لێکۆڵینەوە

ماڵ هەیبووە، کە کۆمەڵە پرسیارێکە ئاراستەی کەسایەتییەکانی ماڵ دەکات، بەوەی پاکیزەیی و جوانی و شەرەف و باوەڕ بوونی هەیە؟ ئەوەش گومانە لە تەواوی پێکهاتەی ماڵ، کەوتنی دەمامک و دەرکەوتنی ڕووخساری ڕاستەقینەی کەسێتییەکانە، بۆیە ماڵ تێکەڵی تابلۆی دوورگەی مەرگ دەبێت، چونکە ئەو بەهەشتە خەیاڵییەی خوێندکارەکە بۆ ماڵ هەیبوو، دووبارەبوونەوەی هەمان گوناهی ناو ماڵی خۆیان بوو، بەوەی ماڵەکان نوقمن لەناو گوناه و تەنها مردن لەو گوناهە ڕزگارمان دەکات، بۆیە کارەکتەرەکان بەدوای یەک دەمرن.. ئەوەش وا دەکات ماڵ ببێت بە دوورگەی مردن. ئەوەش پێمان دەڵێت کە ماڵ لەلای ستریندبێری بەرەنجامی تێکچوونی پەیوەندییەکانی خێزانە، بەهۆی ئەوەی ئەو پەیوەندییانە تووشی نارێکییەکی ئەخلاقی بووەتەوە، ئەو نارێکییە ئەخلاقییە لە شانۆیی (کەڵک)(٢) زۆر بە روونی دەردەکەوێت، ڕووداوەکان دوای مردنی باوک دەست پێ دەکەن، ئەو مردنە پەیوەستە بە ونبوونی بەرپرسیاریەتیی ئەخلاقیی ماڵ، بەوەی مردن تەنها بەشێک لە یادەوەرییەکانی ماڵ لەگەڵ خۆیدا نابات، بەڵکو ئەو مردنە دەبێتە هۆی هەڵماڵین بە ڕووی هەموو ئەو دەمامکە ساختەیەی دایک لە ماڵدا بەسەر هەموو کارەکتەرەکان و پەیوەندییەکانیان لەلایەک، لەلایەکی تریش لە پەیوەندیی ماڵ وەک شوێن لەتەک کارەکتەرەکان. ماڵ بە هەموو کارەکتەر و شتەکانییەوە بە باوکەوە، ئەو باوکەی لە تێکستەکەدا تەنها یادەوەرییەکانی ڕابردووی ماوە، ئەوەش لە ڕێگەی نامەیەکەوە کە بۆ کوڕەکەی بەجێهێشتووە، ماڵ لێرەدا تەواوی سنوورو پەیوەندییەکانی داخراون، ئەوەش ویستێکی دایکە لە ماڵدا. بەدوای مردنیش دیسان دایک ئەیەوێ ئەو دەرگایە دابخرێتەوە، چونکە بە کردنەوەی تووشی پەیوەندیکردنی ماڵ دەبێت بە مردووی گۆڕستان، کە باوکە، بۆیە دەیەوێ خزمەتکارەکە دەرگاکە دابخات، بۆ ئەوەی بۆنی مردن نەکات، مردن کاتێ لە ڕێگەی هەستی بۆنکردن لە ڕێگەی دەرگاوە دوور بخرێتەوە، بەڵام لە ڕووی دەنگەوە ئیدی ئەو دەمامکە بە ڕووی ماڵ توانای ئاشکرابوونی هەیە، نامەکەی باوک لەگەڵ ئەو دیالۆگەی خزمەتکارەکە دوو دەنگن بۆ وریابوونەوەمان لە نهێنیی شاردراوەی ماڵ، بەوەی دایک خورادن و شەرابی خرپی کڕیووە، هەرزانترین خۆراکی کڕیووە، بۆیە (مارگریت)ی خزمەتکار پێی دەڵێت «نەئەبوو ئەوەندە دەستت بگرتایەتەوە تا خراپترین و هەرزانترین خورادنیان بۆ بکڕیت»لا٣٠

برسییەتی منداڵەکان و هەستکردن بە سەرما دوو هەستی ڕووکەش نین لە دەرەوەی دەلالەتی ئەخلاقی، بەڵکو برسییەتی پەیوەستە بەو دیالۆگەو سەرماش هەستکردنە بەو ترس و نەبوونی خۆشەویستییەی ماڵ نەیتوانیووە گەرمیان بکاتەوە، لەکاتێکدا خۆشەویستی بوونی نییە لەنێوان دایک و مناڵەکان، دایک و باوک، کەچی پەیوەندیی دایک بە زاواکەی زۆر پتەوە، ئەو پەیوەندییەش لەسەر بنەمای خۆشەویستیی ماڵ نەبووە، بەڵکو پەیوەندییەکی خراپی درووست کردووە (ماڵ پەیوەندیی سرووشتیی خۆی دۆڕاندووە بە پەیوەندیی نا سرووشتی، بۆیە دایک پشتی کردووەتەوە مێردو مناڵەکانی، کە ئەوانە پەیوەندیی سرووشتیی ماڵن، کەچی پەیوەندیی ناسرووشیی هێناوەتە بوون، ئەوەش لە ڕێگەی پەیوەندیکردنی بە زاواکەی).

کە لە ڕابردوودا هەمیشە باوک بەگومانەوە لێی ڕوانیووە.. نەک هەر ئەوە، بەڵکو کچەکەش بە گومانەوە سەیری پەیوەندیی مێردەکەی بە دایکییەوە دەکات «هەر بەئاواتی بەیەکگەیشتنەوەیەکی تر

# ستریندبێری هەمیشە لەوە وریامان دەکاتەوە کە مرۆڤ ناتوانێ لە ماڵ بچێتە دەرەوە، خەونی بەجێهێشتنی ماڵ سەفەرێکە بە مردن لە ماڵ کۆتایی دێت

بوو لەگەڵ دایکمدا.. چونکە وای لێهاتووە بەبێ ئەو هەڵناکات»لا٦٤، نەک هەر ئەوەش، بەڵکو ئەو گومانە بەرەو پرسیاری ئەو پەیوەندییەی ئەبات «بۆ دەرگاکەتان پێوە دابوو؟»لا٥٣، ئەو پرسیارەش ئەمانگەڕێنێتەوە بۆ هەمان گومانی باوک لەو پەیوەندییە، ئەوەتە دایک ئاوا باس لەو گومانە ئەکات «مێردەکەم ئەوی خۆش نەئەویست، چونکە ئەگەر نەڵێم ئێرەیی پێ دەبرد، دڵیشی لێ پیس کردبوو»لا٣٣

هەڵبەت ئەوەی دواتریان بۆ چاوبەستکردنی کەسەکانی ناو ماڵە، ئەگەرچی ستریندبێری نەیەوێ جۆری ئەو پەیوەندییە بەتەواوی بخاتە ڕوو، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەو دووانە بەشدارن لە پرۆژەی پلانەکانی یەکتری بۆ کۆنترۆڵکردنی ماڵ، ئەگەرچی یاردا تازە شووی کردووە، دەیەوێ شتەکان هەر چۆنێک بن.. کە هەڵبەت نیازخراپیی دایکی زۆر بە ڕوونی هەست پێدەکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی بەلایەوە گرنگە تێکنەچوونی ئەو ژیانە نوێیەتی، تەنانەت کاتێ لە ئوتێل خێرا گەڕاوەتەوە کە هەستی کردووە ژنانێک هەن سەیری پیاوەکەی دەکەن، ئەو هەستی ئێرەییە لای یاردا بەرەنجامی هۆگربوونە بە ژیانی نوێی لە ماڵدا، بۆیە ڕاستەوخۆ هەڕەشە لە دایک دەکات بەوەی «هەر کەسێکیش هەوڵی لێکدابڕانمان بدات، مردن نەبێت با چاوەڕێی هیچی تر نەکات.. ئاشکرایە یان نا»لا٥٥

دۆزینەوەی ئەو نامەیەی باوک بۆ کوڕەکەی نووسیوەو جوڵانەوەی کورسییەکە مردنی باوک دەگۆڕێتە سەر تاوانی کوشتن، چونکە ئەو نامەیە لەلایەک ساختەکارییەکانی دایک دەردەخات، بەڵام دایک ئەو نامەیە ئەخاتە نێو ئاگردانەکە، لەلایەکی ترەوە ئەو نامەیە باوک مردنی خۆی بە کوشتنی لەلایان دایک ناو دەبات، دایک و زاواکەی وەک دوو وێنەی ناو ماڵ نیشان دەدات، بەهۆی ئەوەی زاواکەی لێرەدا وێنەی ڕوونی خۆی دەخاتە ڕوو، ئەو وەک یاردا خۆشیی لەو پەیوەندییە هاوسەرییە نایەت، بەڵکو پێی وابووە بەدوای مردنی باوک ئەو بەشی میراتی خۆی وەردەگرێت.

ئەو تراژیدیا چاوەڕواننەکراوە ڕووبەڕووی ماڵ ئەبێتەوە، ئەوەش پەردە هەڵدەماڵێت لەسەر نهێنیی پەیوەندیی دایک و زاوا.

دایک: مەبەستت لەوەیە لە ماڵەکەی خۆمدا بمکەیت بە کارەکەر، شتی وا نەبووەو نابێت.

زاوا: پێویستی ناچارمان ئەکات.

دایک: ناپەسند.

زاوا: شەرم بتگرێ پیرێژن.

دایک: ببم بە کارەکەر! کارەکەری تۆ!.

زاوا: هەر هیچ نەبێت ئەوسا هەست بەوە ئەکەیت کە کارەکەرەکانی ماڵەکەت چۆن برسییان ئەبوو، چۆنیش لەسەرماندا هەڵئەلەرزین بەس نییە تۆ ناچار نابیت نە برسی بیت و نە لەسەرماندا هەڵلەرزیت.لا٥٨

هەستکردنی دایک بە تارمایی باوکی کوژراو، ئەو باوکەی ڕاستەوخۆ نەکوژراوە، بەڵکو وەک زاواکەی بە دایک ئەڵێت «ڕێگە زۆرن بۆ لەناوبردن.. ڕێگاکەی تۆیش ئەوەندە بە کارامەیی هەڵبژێردراوە، ئەوەندە چاک و سەرکەوتوو بووە کە هیچ یاسایەکی تۆڵەسەندنەوە نایگرێتەوە»لا٦١، دواتر ئەو نامەیەی باوک بۆ کوڕەکەی جێهێشتووە، تەواوی چیرۆکی کوشتنی باوک وەک شاردنەوەی حەقیقەت چیرۆکێکە دەمانگێڕێتەوە بۆ شانۆیی هاملێت، تەنانەت دەرکەوتنی تارمایی سەلماندنێکی تری ئەو دیدە هاملێتییە، بەڵام ئەتوانین جیاوازییەکە بەوە دەستنیشان بکەین کە «کەڵکی ستریندبێری نەفەسێکی قووڵی هاملێت

ماڵ لەلای ستریندبێری بەرەنجامی تێکچوونی پەیوەندییەکانی خێزانە، بەهۆی ئەوەی ئەو پەیوەندییانە تووشی ناڕێکییەکی ئەخلاقی بووەتەوە، ئەو ناڕێکییە ئەخلاقییە لە شانۆیی (کەڵک) زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت، ڕووداوەکان دوای مردنی باوک دەست پێ دەکەن، ئەو مردنە پەیوەستە بە ونبوونی بەرپرسیارێتیی ئەخلاقیی ماڵ



لەخۆ دەگرێت، بەڵام هاملێتەکەی سترێندبێری لەبڕی کۆشک و تەلاری پادشا، لەنێو خێزانێکی بۆرژوازی داخراودا بەرجەستە دەبێت» (هەمان سەرچاوە/لا ٢٣)

جگە لەوە ئەگەر تارمایی تاوانی کوشتن بە هاملێت بڵێت، ئەوا نامەکەی باوک حەقیقەتی ماڵ و تاوانی مردن بە کوڕ ئەڵێت، نامەیەک کە کوڕەکەی بە دڕاوی لەناو ئاگردانەکەدا ئەیدۆزێتەوە، ئەو نامەیە حەقیقەتێکی هاملێتییە، بۆیە کوڕ بە هاوسەرەکەی یاردا دەڵێت «بەر لە تۆ، گیانی کەسێکی مردوو لێرە بوو.. هەموو ئێوارەکەیشمان پێکەوە لەگەڵ ئەودا بەسەر برد»لا٨٥

لێرەدا کوڕ نەک هەر لە هاملێت دەچێت، بەڵکو وەکو زهانیەک (زهان...........) قسە دەکات، بەوەی دوای زانینی نهێنیی توانای زمان وێنای وێنەی نەستە، زهانی کارەکتەرێکە توانای زمان لەلای بێسنوورە، ئەگەر کۆمەڵگە پێی وابێت کەسی زهانی تووشی شێتی هاتووە، ئەوا زهانی بڕوای وایە کە لەوپەڕی توانای زیرەکی و عەقڵییەتی تەنانەت ڕێک بە پێچەوانەوە پێی وایە ئەوەی لەودا شێتییە ڕابردوویەتی نەک ئێستای.

کوڕ: ئا! لەکاتێکدا هەموو سەروەت و سامانەکەمان بە قەرز کەوتوونەتە لای ئەوانەی ناتوانن بماندەنەوە.

دایک: ئەمە چییە! شێت بوویت!

کوڕ: لەوانەیە لەمەوبەر شێت بووبم، بەڵام ئێستا نا (لا٨٦)

زمانی کوڕ لەو ساتەوەختەدا پرۆسەی میتازمانە، بەوەی زمان ناخاتە ناو گەمەکردن لەپێناو شاردنەوەی حەقیقەت، بەڵکو زمانێکە گەیشتووەتە ئەودیوی نهێنیی پەیوەندیی دایک بە زاوا، زمانێکە نەست وێنای کارەکتەر دەکات بەوەی ئەو بێئاگا نییە لەو

# دەرچوون لە ماڵ لەلای سترێندبێری وەهمی کارەکتەرە، بەهۆی ئەوەی خەونێکە بەر لە ساتی خەونبینین خەونەکە کۆتایی هاتووە

پەیوەندییەی دایک پارەی بە قەرز داوە بە زاواکەی، ئەویش لەپێناو بەرژەوەندیی تایبەتی و کۆنترۆڵکردنی ماڵ یاردای کچی هێناوە.

زمانی کوڕ.. زمانی زهانییەکە، کە هەموو ئەوانە دەخاتە ڕوو، ئەوەش مەترسی درووستکردنە لەناو ماڵدا، چونکە توانای درککردنی هەیە بە ساختەیی ئەو پەیوەندییە هاوسەرییەی خوشکەکەشی «ئەوی تۆ هیچوپووچەی کە ئێستا بووەتە مێردی تۆ.. قەت تۆی خۆش نەویستووە، بەڵکو دایکت، دایکتی خۆشویستووە»ل٨٠

کەواتە ئەوەی دایک لە ئەنجامی گەمەی زمان لەتەک کارەکتەر توانای شاردنەوەی ئەو پەیوەندییەی هەیە بۆ دەسخەڕۆدانی ئەوانی تر، ئەوا کوڕ زمانی نەست گەیاندوویەتییە ڕاستیی ئاشکرا بوونی پەیوەندی، ئیدی کە هەموو نهێنییەکان ئاشکرا ئەبن، کوڕ لەگەڵ یاردای خوشکی هەموو ڕاستییەکانیان بۆ دەردەکەوێت، هەردووکیان بە ڕووی دایک ئەوەستنەوەو چیتر وەک گەمژەیەک لەناو ڕووداوەکاندا نین، بەڵکو بە ئاگاییەوە ئەچنەوە ناو ڕابردوو، تا لە ئێستادا جارێکی تر ئەو زەمەنە بگەڕێننەوەو هەستی گوناهباریی خۆیان لەناو ڕابردوودا دیار بکەنەوە.

ئاگرکەوتنەوە لە ماڵ لەبڕی مەترسی درووستکردن بۆ خوشک و براکە، ئەوان بۆ یەکەمجارە لە ماڵدا هەست دەکەن سەرمایان نییە «یاردا هەست ناکەیت چەند گەرم و خۆشە! ئیدی هەڵنالەرزم و سەرمام نابێت.. گوێبگرە چ قرچە قرچێکە لە دەرەوە.. ئێستا ئیتر هەرچی کۆنە، هەرچی کۆن و ناشیرین و خراپە، ئەسووتێت»ل١١٥

ئەو ئاگرە چەندە چێژێکی سەیر بە خوشک و براکە ئەبەخشێت، لەهەمان کاتدا ئاگر خاڵی نییە لە یادەوەری، بەڵکو ڕۆژانی کۆبوونەوەی سەر سفرەیان لا ئەوروروژێنێ، دیارە ئەو ئاگرەش کوڕ وەک کاردانەوەیەکی ئەخلاقی لە بەرامبەر ماڵ ئەیکاتەوە، چونکە باوەڕی وایە ماڵ تەنیا بە ئاگر کۆتایی بە نەهامەتییەکانی دێت، ئەو کۆتایی هاتنە بە نەهامەتی لە ڕوویەکی تردا تراژیدیای ماڵە، بەڵام نەوەی نوێی ئەم ماڵی بەم ئاگرە خۆشحاڵن، چونکە هەست بە گەرمبوونەوەو شادییەکی ڕۆحی دەکەن کە پێشتر ئەم هەستەیان لا درووست نەبووە، بەڵام سەرەنجام ئەو ئاگرە بە سووتانی ماڵ و کۆتایی هێنانی خێزانێک تەواو ئەبێت.

کۆتاییەک نەوەی نوێ ئەگەر ببنە قوربانیشی، بەڵام نیگەران نین، چونکە گەڕانەوەی خەونە، خەونی ئەو نەوەیە لە ماڵ کە خێزان نەیهێشت بێتە دی، کەچی بەم کۆتاییە خەونەکە زیندوو ئەبێتەوە «لە کوێیە؟ نایبینم؟ ئەم گەشتە بێ دایکمان، هیچ تامێکی تێدا نابێت..! ئەوەتا.. ئەویش گەیشت! ئیتر پشووی هاوینیش دەست پێ ئەکات»ل١١٧

ئەوەش تەنها گەڕانەوە نییە بۆ خەون، بەڵکو خەون دەیگەڕێنێتەوە بۆ ناو یادەوەری، بەتایبەت یادەوەریی قۆناغی مناڵی، یادەوەرییەک کە هەمیشە لە سەرکوتکردنەوەکانی ناو ماڵ ویستوویانە ڕزگاریان بێت و ڕۆژێک کەشتییەک بێت بۆ شوێنێکی دوور بیانبات، ئەوەش خەون لە ڕێگەی یادەوەریی پرۆژەی ڕزگاربوون لە ماڵ زیندوو ئەکاتەوە، بەڵام پرۆژەیەک لەناو خودی خەونەکە کۆتایی دێت، چونکە ئاگرەکە وروژم دێنێت و ئەوانیش لەناو ماڵ ئەکەونە سەر زەوی، چیتر توانای بزاوتکردنیان نابێت، لەو ڕێگەیەوەش ڕزگاربوون لە ماڵ لە ڕێگەی ئەو کەشتییەوە ئەبێتە خەونێکی نەوەی نوێ.. خەونێک زیندووئەبێتەوە، بەڵام لەناو ماڵدا ئاگر ئەو نەوەیەو خەونەکەی ئەسووتێنێت.

# لێکۆڵینەوە

دەرچوون لە ماڵ لەلای ستریندبێری وەهمی کارەکتەرە، بەهۆی ئەوەی خەونێکە بەر لە ساتی خەونبینین خەونەکە کۆتایی هاتووە، ئەوەش ڕوانینێکی گشتگیرییە بۆ مرۆڤ، نەوەک حاڵەتێک بێت وابەستەی چینێک و گروپێکی کۆمەڵایەتی بێت، ئەوەی مرۆڤ لە ماڵدا دەیەوێ لێی ڕا بکات ژووری نووستن یاخود چێشتخانەی ماڵ نییە، وەک بەشێک لە شوێن بەقەد ئەوەی پەیوەستە بە کۆی ئەو سیستمە کۆمەڵایەتییەی پەیوەندییەکانی لەناو ماڵدا وابەستەی سیستمی کۆنترۆڵکردن کردووە، تەواوی کۆنترۆڵکردنی ئەو بونیادانە ماڵ دەکات بەو زیندانەی ئەوەی کۆتی کردووە، ئەوە کێشەی چینەکان نییە، بەقەد ئەوەی ئەوە پەیوەندیی بە مرۆڤەوە هەیە، کە بۆ ئازادبوون لەو سیستمە دەبێ ماڵ بەجێ بێڵێت، بەڵام ستریندبێری هەمیشە لەوە وریامان دەکاتەوە کە مرۆڤ ناتوانێ لە ماڵ بچێتە دەرەوە، خەونی بەجێهێشتنی ماڵ سەفەرێکە بە مردن لە ماڵ کۆتایی دێت، وەک لە شانۆیی (خاتوو ژولیا)دا (٣) دەبینین، ژولیا یان دوو کارەکتەری سەر بە دوو چینی جیاوازن، دەتوانن لە ڕێگەی گەمەی ژیان پێداویستییەکانی یەکتری دابین بکەن، تا لە ڕێگەی یەکترییەوە لە ماڵ ڕزگاریان بێت.

تەنانەت سەماکردنی خاتوو ژولیا لەگەڵیان هەوڵێکی ترە بۆ سڕینەوەی ئەو چینایەتییە، ئەوەش پەیوەست نییە بەو ئاگاییە کۆمەڵایەتییەی ئەو کارەکتەرە بەقەد ئەوەی تێگەیشتنییەتی لە بێمانایی پەیوەندییە ساختەکانی ماڵ، خۆ ئەگەر یان لە تۆمەتی کۆمەڵگە بترسێ بەوەی قسەیان بۆ هەڵبەسترێ، بەڵام خاتوو ژولیا بە مافێکی سرووشتیی ماڵەکەی دەزانێ کە لەگەڵ کێ ویستی و لەگەڵ کام خزمەتکار ویستی سەما بکات.

خاتوو ژولیا لەو سیستمە ئەخلاقییەی ماڵ گەیشتووە، بۆیە دەیەوێ بەرەو ڕووی سیستمەکە یاخی بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نایەوێ ئەو یاخیبوونە بیکاتە قوربانی، بەڵکو تەنیا گەمەی ناو سیستمەکە کۆنترۆڵ دەکات.

یان: تۆ بەڕاست وا دەڵێی یان گاڵتە دەکەی؟

خاتوو ژولیا: بەڕاستمە!

یان: کەواتە ماوەیەک پێش ئێستاش هەر بە ڕاستت بوو! تۆ گاڵتەکردنیشت هەر بەڕاستە،. ئەمە جێگەی مەترسییە، من لەم گاڵتەکردنە ماندووبووم.. لاپەڕە٩٩-١٠٠. بەڵام یان بەهەمانە شێوە دەیەوێ گەمەی خۆی بکات بێ ئەوەی ببێت بە قوربانی، ئەو سەرباری ئەوەی خزمەتکارە، بەڵام ڕازی نییە ببێتە گەمەی دەستی خاتوو ژولیا، بەڵکو دەیەوێ وەک ئەو ڕووبەرێکی تایبەت بۆ خۆی لە گەمەکە تەرخان بکات، بۆیە خۆی بە عاشقی ناو دەبات، عەشقێک کە هەمان هەستی کارەکتەرەکەی هەزارویەک شەوە بەخۆی دەبەخشێت.

یان خەونی دەرچوون لە ماڵ بۆ خاتوو ژولیا دەگوازێتەوە بۆ وێنەی ژیانێکی جیاواز، کە دەتوانێ لەوێ میوانخانەیەکی پلە یەک دروست بکات، زیندەگیی دوای ڕاکردن وابەستەی دنیایەک دەکات بۆ بینینی ڕووخسار و زمانی تازە، ئەوەش خەونێکە لەناو ڕاکردن تەواو نابێت، چونکە هەڵگری ڕۆحی سەفەرکردنە بۆ بینینی دنیاو جیهانی کەشف نەکراو، بۆیە سەفەر توانای شکاندنی تابۆکانی ماڵی هەیە، کە بتوانێ دنیای نوێ خەونی خولقێنراو بێت.

خاتوو ژولیا: یان، ئەمە هەمووی باشە، بەڵام یان تۆ دەبێ هانم بدەی، پێم بڵێی: تۆم خۆش دەوێ! وەرە باوەشم پیا بکە!لا١١٤.

یان دەیەوێ لەژێر ناوی خۆشەویستیی خاتوو ژولیا

**دەرکردن لە ماڵ و بردنی بۆ شوێنێك کە چاودێری بکرێت، حاڵەتێك نییە مرۆڤ تیایدا چاکبکرێت، بەقەد ئەوەی چاککردن پەیوەستە بە ماڵ**

لەماڵ دەرباز بکات بەهۆی دزینی پارە لە ماڵ، بۆیە خەونەکەی لە کۆتاییدا بۆ بوونە ئەو پایە کۆمەڵایەتییە خاتوو ژولیا هەیەتی، لەکاتێکدا خاتوون کێشەی خۆشەویستیی هەیە، بەڵام یان ئامادە نییە ئەوەی پێ ببەخشێت، چونکە گەمەکەی لەژێر ئەو ناوە ئەنجام ئەدات، بەوەی تا لە ماڵ نەچنە دەرەوە ناتوانێ ئەو خۆشەویستییەی پێ ببەخشێت، یان هەست دەکات ئەوەی هەیە خۆشەویستی نییە، بەڵکو ڕزگاربوونە لە ماڵ، پێی وایە خاتوو ژولیاش وەک ئەو وایە، بۆیە پێی دەڵێت «خۆتم لێ مەکە بە فریشتە، ئێستە هەردووکمان لە خراپیدا وەک یەک واین»ل١٢٠. بۆیە ئاگاداری دەکاتەوە لەوەی ئەوەی خاتوو ژولیا ناوی بردووە بە خۆشەویستی لەڕاستیدا حەقیقەتی گەمەیەکە، ئەوەش دەرخستنی ستراتیژی ئەو گەمەیەی ماڵە، کەوتنی ماسکە ئەخلاقییەکانە بە ڕووی هەریەک لە یان و ژولیا «گوایە منتان خۆش دەوێ، خۆتان هەڵدەخەڵەتێنن»ل١٢٧.

بۆیە لەکۆتاییدا خەون دەکەوێتە ناو خەونێکی موگناتیسی یان هەر وەک خزمەتکارێک دەمێنێتەوە و دەیەوێ خاتوو ژولیا بڕوات، داوای لێ دەکات بڕوات، ئەویش دەچێتە دەرەوە، بەڵام چوونە دەرەوەیەک لە بنەڕەتدا مەرگە لەناو ماڵدا، چونکە چوونە دەرەوەکە ئامادەبوونی ڕۆحە لەناو خەونە موگناتیسییەکەدا.

شکستی خێزان لە ڕابردوودا دیدێکی ئەخلاقیی بە ماڵ بەخشیووە، بەوەی بووەتە یادەوەریی بریندار، ئەوەش سەفەرێکی نێو ئەفسانەیە لە ئەمڕۆدا، بەهۆی ئەوەی ستریندبێری لە شانۆیی (جەژنی هەڵسانەوە) بۆ قسەکردن لەو دۆخەی مرۆڤی هاوچەرخ تیایدا دەژێیت لە ماڵدا، گەڕاوەتەوە ناو ئەفسانەی یۆنانی.(٤)

لەوێوە دیدگای مرۆڤی مۆدێرن دەخاتە ڕوو، هەڵبەت جوڵەی فیزیکیی سرووشت گۆڕانی وەرزەکان و هاتنی جەژن تەنیا توانای ڕێکخستنی کەرەستەکانی ماڵی هەیە، بێ ئەوەی بتوانێ پەیوەندییەکان ڕێکبخاتەوە، چونکە دەرچوون لە ماڵ و گەڕانەوەش بۆی سەرەنجام هەر بەیەک دەرەنجامی تراژیدیی کۆتایی دێت.. کە ڕزگار بوونی نییە، ئەوەش لە کارەکتەری ئێلینۆرا هەستی پێ دەکرێت، کە لەنێوان دوو حاڵەت دەرچوون لە ماڵ بردوویەتییە شێتخانە و گەڕانەوەشی هەر گەڕانەوەیە بۆ زیندان یا شێتخانە وەک چۆن ئەو ڕەفتارانەش هەمان دەرەنجامیان ئەبێتەوە «ئا، ئەو بەستەزمانە، نیگەرانەو نامەی وا دەنووسێت کە تێکوپێکیان شکاندووم، دەیەوێت لەوێ ڕزگاری بێت و بێتە دەرەوە، بێگومان بۆ ماڵەوەیش»ل٤١

دەرکردن لە ماڵ و بردنی بۆ شوێنێک کە چاودێری بکرێت، حاڵەتێک نییە مرۆڤ تیایدا چاکبکرێت، بەقەد ئەوەی چاککردن پەیوەستە بە ماڵ، چونکە لەگەڵ گەڕانەوە دیسان هەمان مرۆڤ دەبینینەوە، ئێلیس زۆر باش هەست بەوە دەکات، کە ئەو گەڕانەوەیە ئێشکردنی هەمووانە لەناو یادەوەریی برینداری ماڵ «گەورەترین بەدبەختیش لەئێستا بۆ من ئەوەیە کە ببینم لەو دەرگایانەوە بێتە ژوورەوە، هێندە خراپم لێ بەسەر هاتووە»ل٤٢

بیرکردنەوە لە ڕابردوو توانای بەخشینی کامەرانیی هەیە، بەڵام هەر کاتێک بیر لە ڕابردوو بکرێتەوە، مانای وایە بەرەو هەمان ناڕێکیی ماڵ دەگەڕێینەوە، چونکە ڕابردوو یادەوەرییەکی برینداری بە ماڵ بەخشیووە، بۆیە هەمیشە ترس لە ساردیی ماڵ وێنەیەکی زهنیی ناو تێکستەکانی ستریندبێرییە، کە مرۆڤەکان لەوە ئەترسن ماڵ سارد بێتەوە، لەکاتێکدا ئەوەی ساردیی درووستکردووە ئەوە ڕۆحی ساردی کەسەکانە، نەک ماڵ وەک شوێن، بەڵکو پەیوەندییەکان خولقێنەری ئەو ساردییەن.

ئەوەی مرۆڤ
لە ماڵدا
دەیەوێ لێی ڕا
بکات ژووری
نووستن یاخود
چێشتخانەی
ماڵ نییە،
وەک بەشێک
لە شوێن
بەقەد ئەوەی
پەیوەستە
بە کۆی ئەو
سیستمە
کۆمەڵایەتییەی
پەیوەندییەکانی
لەناو ماڵدا
وابەستەی
سیستمی
کۆنترۆڵکردن
کردووە

بۆیە لەم تێکستەدا ونبوونی باوک لە ماڵ وەک هەر تێکستێکی تری شانۆیی سترێندبێری کێشەیەکی تری سەرەکییە لەسەر چەمکی ونبوونی باوک، ونبوونێک لە تێڕوانینی دایکەوە باوک قوربانییە، دەبێت حەقیقەتی قوربانیبوونیشی لە داهاتوودا دەربکەوێت، بەڵام ئەوە لە بنەڕەتدا دۆخێکی دەروونیی بۆ ماڵ درووست کردووە، کە ماڵ وەک زیندان و شێتخانە سەیر بکرێت، هەڵبەت هەریەکە لەو دوو شوێنە سیستمێکی تایبەتمەندی هەیە، کە کۆمەک بە یەکتری دەکەن بۆ سەرکوتکردنەوە، ماڵیش بووەتەوە بە کۆکردنەوەی ئەو دوو شوێنە لەناو یەکتری، بەواتای ماڵ بۆخۆی وێنەیەکی شێتخانەو زیندان پێکدەهێنێت، گەڕانەوەی ئێلیۆنۆرا لە شێتخانەوە بەرەو ماڵ لە بنەڕەتدا گەڕانەوەیە بۆ زیندان، چونکە یەک سیستمی کۆنترۆڵکراو فرمان بە شوێنەکان دەکەن.

ئەو ئاستە ئەخلاقییەی هێیەست تیایدا دەژی جۆرێکە لە شێتی، ماڵ ئەو شێتییە دەکات بە زیندان، ئێلیس و کریستینا لەلایەک نەیانویستووە بۆ ئێرە بێن و لەلایەکی تریشەوە هاتنی لیندکڤیست بۆ ماڵ بە مەبەستی داواکردنەوەی قەرزەکانی خوڵقاندنەوەی زیندانێکی ترە لە ماڵ، کە ماڵ ئەو ڕووبەرە کارەساتەیە جوگرافیایەکی خەمناک دەخولقێنێت بۆ پەیوەندییەکانی خێزان.

ئەوەی ئەو تێکستە لە تەواوی تێکستەکانی تری سترێندبێری جیادەکاتەوە ئەو کۆتاییە کە تراژیا کۆتایی هاتن نییە بە پەیوەندییەکان بەقەد ئەوەی ئەو فریادڕەسەی هەمیشە ونە لەو تێکستەدا دەردەکەوێت، لەلایەک میهرەبانیی گوڵفرۆشەکە لە کچەکەیان خۆشدەبێت و بەرەو زیندان نایبات لەلایەکی تریشەوە لیندکڤیست، کە هاتنی بۆ ماڵ ئەو ترسە دەروونییەی خوڵقاندبوو ئەو خاوەنی ئەو وێنەیە نییە، چونکە پێکهاتەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی باوک بە وان و ئێلیس بە پێتروس دۆخی ترسناکی ماڵ دەگۆڕێت بە خۆشنوودی، بەڵام خۆشنودە وابەستە نییە بە ڕووبەرێکی جوگرافییەوە، بەڵکو دەرچوونی مرۆڤەکان لە ماڵ خاڵی جەوهەریی ئەو خۆشنوودییەیە، کە لە کۆتاییدا دوای چاککردنی هەموو گرفتەکان ئەبێت ماڵ وەک ڕووبەرێکی جوگرافی بەجێ بهێڵدرێت «ئێستا تۆ دەبێت سوپاسی خوا بکەیت، کە یارمەتیی داین بەرەو لادێ، بەرەو دەرەوەی شار بڕۆین»، بەڵام ئەوە هەر بەتەنها بێنیامین نییە دەبێت سوپاسگوزار بێت، بەڵکو تەواوی کارەکتەرەکانی ماڵ دەبێ سوپاسگوزار بن، کە ڕزگاریان بووە لەلایەک وەک ئەو گوناهەی باوکی خستە زیندانەوە بە تۆمەتی دزیکردنەوە، لەلایەکی تر ڕزگاربوونی کەسەکانی ناو ماڵ وەک ڕزگاربوونی مرۆڤەکان لەو شوێنە ساردە.

**ئاماژەکان:**

١.سۆناتای تارمایی/ ئاوگۆست سترینبێری، وەرگێڕانی: عەبدوڵڵا قادر دانساز، زنجیرەی (٥) شانۆی بیانی، دەزگای ئاراس، هەولێر-٢٠٠٧، ل٥٠.

٢.کەڵک/ ئاوگۆست سترینبێری، وەرگێڕانی: خەبات عارف، زنجیرەی (٦) شانۆی بیانی، دەزگای ئاراس، هەولێر-٢٠٠٧.

٣.خاتوو ژولیا/ ئاوگۆست سترینبێری، وەرگێڕانی: عەلی عوسمان یاقووب، زنجیرەی (٣٠) شانۆی بیانی، دەزگای ئاراس، هەولێر- ٢٠٠٩

٤.بۆ تێگەیشتن لەو گەڕانەوەیەی سترێندبێری بۆ ناو ئەفسانە، بگەڕێوە بۆ توێژینەوەکەی کاڵسۆن، کە وەک پێشەکییەک بۆ وەرگێڕانە کوردییەکە کراوە، بڵاوکراوەتەوە، جەژنی هەڵسانەوە/ ئۆگۆست سترێندبێری، وەرگێڕانی: خەبات عارف، زنجیرەی (٣٢) شانۆی بیانی، دەزگای ئاراس، هەولێر- ٢٠٠٩